بنووسانی رابردوو پارێز

"ئێمە رابردوو دەخوولّقێنین، کە "ئێستا" وەکوو چۆنایەتیەکی جیاواز خۆی گرت و بەرپا بوو، ئیدی رابردوویەك نیە ئێمە درێژکراوەی ئەو بین، بەڵکوو رابردوویەك هەیە کە ئەو درێژکراوەی ئێمەیە."

بەختیار عەلی

لەکۆمەڵگای ناڤین بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی زۆرن ئەو بنووسانەی کەلە نێو خووراڤات و ورێنەدا دەژین وگشت هەوڵیان ئەوەیە کە رلبردووی خۆیان بۆ نەسلەکلنی دوای خۆیان تۆمار بکەن وبیکەن بە بەشێك لە مێژووەکەیان. ئەمانە کەسانێکن کە مشەخۆرانە لەسەر مشەخۆری دیکە دەژین، مشەخۆریەت لەرەگ و ریشەیاندا چەکەرەی کردوە، هەربۆیەش رابردووکردنە هی خۆیان ودواتر رابردوو فرۆشتنەوە بە نەسلی دوای خۆیان گەورەترین ئامانجی ژیانیانە.لە روانگەی منەوە بنووس یا "کاتب باش" خوازراوترین ناوە کە بۆ بخۆرانی خوانی گەورەکان و سفرەی شەرەف پارێزانی کۆمەڵگا و پاشگرانی دیفاع وبەرەنگاری لە مانەوەی ئەو چرکەساتانەی کە ئاغاکانیان لە دەفتەری یادەوەریەکانیاندا تۆماری دەکەن، بەکار بێت. رۆشنبیر عادەتەن بە کەسێك دەوترێ کە توانای گۆڕینی عەقڵی وخانە بوونیادیەکانی کۆمەڵگای هەبێ ورەخنەی پێشڤەر بکاتە جەوهەری مرۆڤ بوونی خۆی و دەرەنجامێکی دەست کەوێ جیاواز لەوەی پێش خۆی.بەلآم لەلای ئێمە لە بری رۆشنبیر، رابردوو بیرمان هەیە کە وشەگەل وکردارەکانی سمێڵ پارێزانی شەرەف دەکەنە بنەمای پێك هێنان ویا راستتر بڵەیین درێژکراوەی ئەو تووخمانەی کە لە رابردوودا هەیان بوە وگەر بێت وئێمە لێی بڕوانین تەنیا جیاوازیەك کە تیایدا بەدی بکرێ، جیاوازی

بنووسەکانیەتی وهیچی تر.رەنگە شەخسیەتی ئەم ماندوەکاوێژکەرانە زۆرتری بوێت بەلآم گرینگ نووسینەکانیانە.کاغەز رەش کردنەوە نیشانەی بالآ مرۆڤی نیە بەڵکوو نیشانەی باش کاتبیە، نووسینەکانی بنووسەکان ئەوەندەی لە دەوری رابردوو دەسوورێنەوە هیچ کات بەدەوری داهاتوو ناخولێنەوە وئەوەندەی بە شان وبانی رابردوودا هەڵدەڵێن، رەخنەی لێناگرن. ئامانجی سەرەکی ئەوان لە درووست کردنی داهاتوویەکە کە لە رابدوو بچێت، لەسەردەمی وان بچێت ئەمەش بە مانای درووست کردنی کۆمەڵگایەکی وەستاوە، هەربۆیە وەستانەوە لەبەرانبەر ئەم جۆرە بنووسانە خۆی لە خۆیدا گەورەترین خەباتە لەدژی کۆنەپارێزی وسوننەت خوازی.

لە دووماهیدا پێویستە نەسلی هەنووکە قەبووڵی سبەینێی خۆی نەکات کە بە دەستی مشەخۆری دوێنێ رەقەم بدرێ.

بەردەوامیەتی ئێمە لەوەدایە کە مێژوویەکمان هەبێ بەقەڵەمی خۆمان راڤە کرابێ ودەقێك سەبت بکرێ کە دەقاودەق لە هی خۆمان بچێت نەك لە هی وان. رابردوو رەدکردنەوە کارێکی درووست نیە بەلآم رابردووکردنە هی خوودیش لەو نادروست تر. قەڵەمی ئەوان هەتاوەکوو سەرقەفی پشتوێنی گەورەو دەمراستەکانیان برشتی هەیە بەلآم قەڵەمی ئێمە پێویستە هەتاوەکوو "ناکۆتا" بێ. نەفی کردنی حیکایەت خوانی وئەفسانەبازاریەکانی ئەوان پێویستە لە رووی ئاوەز و بیرکردنەوەو تێرامانی ئێمەوە بێت دەنا زۆر مەلایانە دێتە نێو گۆڕەپانی تۆمارکردنەکانمانەوە، هەروەك چۆن گەورەکانیان خۆیان خزاندە نێو پانتایی گەشەی ئەوانەوە.

ژیانی ئێمە ژیانێکە بەدەر لە حیکایەت وتووتی خوێندنەکانی ئەوان، هەربۆیە گەورەیی وبالآمرۆڤی ئێمە لەوەدایە کە بۆخۆمان بژین نەك بۆ ئەوان.

"چۆماخ بەدەست" کەسێکی گوێڕایەڵە بۆ بەڕێوەبردنی وتە وەهمیەکانی باوکی ناخوێنی.

سەرنووسەر